



## کوێستان حەمەد

### یاریزانی فوتساڵی یانەی رانیە:

# خەونی گەورەم ئەوەیە بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی خۆم یاری بکەم

**تیپی فوتساڵی یانەی رانیە یەکێک لەو تیپانەی کە ساڵانە چەندین کچە یاریزانی بەتوانا دروست دەکات بۆ ئەوەی کچانیش بتوانن لە گۆڕەپانی وەرزش کێبڕکێ بکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە هەردوو خولی نایابی فوتساڵی کچانی کوردستان و عێراق، کوێستان حەمەد لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری رانیە و یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەیە و لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** چون بوو هاتیتە نێو ژیانی وەرزشی؟**

-هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووم بۆ وەرزش هەبوو، سەرەتای دەستپێکردنم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ کە لە یانەی سەرکەپکانەوە یاریم کردو لە هەردوو یاری تۆپی پێ و بالە شارەزایی باشم هەیە و یاری تریش دەکەم.

***وەرزشی کوردستان لە چ ئاستێکە؟**

-وەرزش لە کوردستان بە بارودۆخێکی خراپدا دەڕوات، هیوادارم کێشەکان چارەسەر بکرێ لە هەموو روویەکەوە، کەموکورتی زۆریش هەیە لە بەڕێوەچوونی خولەکان، بۆ نموونە لێرە لە بری ئەوەی چەند مانگێک پێشتر تیپەکان لە دەستپێکی خولەکان ئاگادار بکرێنەوە، چەند رۆژێک پێش خولەکان ئاگادار دەکرێنەوە، بۆیە یاریزانان و تیپەکان ناتوانن خۆیان وەکو پێویست ئامادە بکەن.






*** ئاستی یاری فوتسال و تۆپی پێ چۆن دەبینی و ئایا ساڵانە خولتان بۆ دەكرێتەوە؟**

-وەكو پێویستە، بەڵام پێم باشە یانەكان زیاتر خزمەت بە یاری تۆپی پێ و فوتساڵ بكەن.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی كەم تا چەند دەبێتە هۆكار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- هۆكارێكی خراپە، چونكە یاریزانان ئەگەر نەتوانن بەشدار بن لە خولەكان، ئاستیان بەرەو پێش ناچێت، هیوادارم زیاتر گرنگی بە توانای كچە یاریزانان بدرێت.

*** پێت باشە چی بكرێت بۆ ئەوەی یاری فوتسال و تۆپی پێ ئاستی بەرز ببێتەوە؟**

-پێویستە لەسەر لایەنی بەرپرس هەستن بە كردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شارەكانی كوردستان، جگە لەوەش كردنەوەی خول و پاڵەوانیەتیی بەردەوام بۆ یاریزانان ئەمانە هەمووی هۆكارن بۆ خزمەتكردن و بەرەوپێشچوونی یارییەكە.

*** گرفتی یارییەكانی تۆپی پێ لە چی دەبینی؟**

-گرفت ئەوەیە وەرزش لە كوردستان زۆر گرینگی و بایەخی پێ نادرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یەكێتییە وەرزشییەكان و بەڕێوەنەچوونی خولەكان كەوا لە یاریزانان دەكات سارد ببنەوە لە مەشقكردن، قەیرانی داراییش كاریگەری كردۆتە سەر وەرزش و نەبوونی بودجەی یاریزانەكان و بەڕێوەنەچوونی خولەكانیش بارودۆخی وەرزش بەرەو خراپتر دەبات.

*** لە چ یانەیەك گرێبەستت پێشكەش كراوە؟**

-لە دوای نەمانی یانەی سەركەپكان، یاریم بۆ چەند یانەیەك كردووە، دواتر بە فەرمی پەیوەندیم بە یانەی وەرزشیی رانیە كردو چەندین یانەش پەیوەندییان پێوە كردووم، بەڵام ریزی یانەی رانیە جێ ناهێڵم و زۆر دڵخۆشم لە یانەكە.

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

- بەهیوای ئەوەم زیاتر پشت بەتوانای كچە یاریزانانی شارەكانی كوردستان ببەستن و لە داهاتووشدا بتوانم خزمەت بە وەرزشی شاری رانیە بكەم.

***ئاستی وەرزشیی لە شاری رانیەی دەروازە چۆن دەبینی؟**

-وەرزش لە شاری رانیە گرنگی پێ نادرێت، زۆربەی یانەكان لەلایەن حزب و دەسەڵاتداران یارمەتی دەدرێن، بەڵام یانەیەكی وەكو رانیە یارمەتی نادرێ كە رانیە دەروازەی راپەڕینە لە كوردستان، لە كچ و كوڕ یاریزانانی زۆر باشی هەیە لە زۆربەی یانەكانی دەرەوەی رانیە یاری دەكەن.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەكان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- لەگەڵ ئەوەم پشت بە یاریزانی خۆماڵی ببەستن و خزمەتی یاریزانانی خۆمان بكرێ لە بری ئەوەی پشت بە توانا و یاریزانی دەرەوەی هەرێم ببەستین.

*** خەونی وەرزشیت وەكو یاریزان چییە؟**

- وەك یاریزانێك خەونی گەورەم ئەوەیە ببمە یەكێك لە یاریزانە بەتواناكانی سەر ئاستی كوردستان و لە ریزی هەڵبژاردەی ولاتەكەم یاری بكەم.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داواكراوی؟**

-بەڵێ، داواكراوم، پێشووتریش داواكرابووم، بەڵام بەهۆی كێشەی جەوازەوە نەمتوانی بەشداربم لەگەڵیان.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییە چییە؟**

- هیوادارم ئاستی وەرزشیی كوردستان بەرز ببێتەوە و بارودۆخی وەرزشیش قۆناخی باشتر بە خۆیەوە ببینێ.

*** ئەگەر شتێكت ماوە لە كۆتاییدا؟**

-سوپاس بۆ بنەماڵەكەم كە زۆر هاوكارمن بەتایبەتی باوكم كە پاڵپشتی گەورەیە لە ژیانم، سوپاس بۆ راهێنەرەكەم كاپتن سۆران كە ئاستی منی بەرز كردۆتەوە، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان.

## دیمبلێ پابەندی ڕێنماییەکانی پزیشک نابێت

عوسمان دیمبلی فەرەنسی و هێرشبەری نوێی یانەی بەرشلۆنە ڕێنمایی پزیشکەکان جێبەجێ ناکات.

دیمبلێ لە ماوەی رابردوودا دوای پەیوەندیکردنی بە یانەی بەرشلۆنە لە یاری یانەکەی بەرامبەر خیتافی دووچاری پێکان هات بەو هۆیەشەوە لە فینلەندا نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدرا.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی دیمبلی نزیکەی ٧٥ ڕۆژ لە یاریگاکان دووردەکەوێتەوەو پزیشکەکانیش ڕێنماییان کردووە پشوو بدات.

ڕۆژنامە ئیسپانییەکە ئاشکرایکرد هەرچەندە تەنیا دوو هەفتە بەسەر نەشتەرگەرییەکەی دیمبلی-دا تێپەڕیوە، بەڵام یاریزانی ناوبراو لە ناوچەی وەرزشی یانەی بەرشلۆنە بینراوە و ڕاهێنانی سوکی ئەنجامداوە.

مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ لە کۆتایی هەواڵەکەیدا بڵاویکردووە دیمبلی ڕێنمایی پزیشکەکانی بە وەرگرتنی پشوو پێش قۆناغی چاکبونەوە جێبەجێ نەکردووەو جەختی لەسەر ئەنجامدانی ڕاهێنانەکان و نزیک بوونەوە لەهاوڕێکانی کردووە.

یانەی بەرشلۆنە هاوینی ئەمساڵ بەرامبەر بڕی ١٠٥ ملیۆن یۆرۆ عوسمان دیمبلی لەیانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانییەوە گواستەوە.

## ئیمریۆ کێشەی نێیمار و کاڤ

ئۆنای ئیمری ڕاهێنەری یانەی پاریس سان جێرمان چارەسەری کێشەکەی نێوان نێیمار و کاڤانی کردووە.

لە ماوەی رابردوودا لەسەر جێبەجێکردنی لێدانی سزا گرفت و کێشە لەنێوان ئیدینسۆن کاڤانی ئۆرۆگوایی و نێیمار دا سیلڤای بەرازیلی دروست بوو، ئەو کێشەیە سەدای زۆری لێکەوتەوە بووە هەواڵی گەرمی ڕۆژنامەکانی فەرەنسا و ئەورووپا.

لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ئۆنای ئیمری لەسەر ئەو بابەتە لێدوانی دا و ڕایگەیاند کێشەیەکی لەو جۆرە بوونی نەماوەو چارەسەر کراوە.

ئیمری گوتی: چەند یاریزانێکمان ئامادیە بۆ



## ـــــــــانی چارەسەرکرد

جێبەجێکردنی لێدانی سزا، هەمووشیان ئارەزووی جێبەجێکردنی دەکەن، من ئارەزوو دەکەم کاڤانی و نێیمار لێدانەکان جێبەجێ بکەن.

گوتیشی لە یارییەکانی داهاتوودا لەکاتی دروست بوونی لێدانی سزا کاڤانی و نێیمار بەرپرس دەبن لەجێبەجێکردنی.

لەکۆتاییشدا رایگەیاند لەگەڵ هەردوو یاریزاندا گفتوگۆی کردووەو چارەسەری پێویستیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو لێدانی سزایانە داناوە، کە لەبەرژەوەندی یانەکەیان هەژمار دەکرێت.

## لیڤەرپوول نابێتە رێگر لەبەردەم رۆیشتنی کۆتینیۆ

یانەی لیڤەرپوڵی ئینگلیزی دەرگای رۆیشتنی بەڕووی فیلیپ کۆتینیۆی بەرازیلی و ئەستێرەی یانەکەیدا کردەوەو بەربەست بۆ پەیوەندیکردن بۆ یانەی بەرشلۆنە دروست ناکات.

بە گوێرەی هەواڵێکی رۆژنامەی میرەری بەریتانی یانەی لیڤەرپوڵ ئامادەییان دەربڕیوە گفتوگۆ لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە بکەن بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی زستانەدا هێرشبەرە بەرازیلییەکە روو لە بلوگرانا بکات.

لەماوەی رابردوودا یانەی بەرشلۆنە سێ گرێبەستی گرانبەها پێشکەشی یانە ئینگلیزییەکە کرد بۆ ئەوەی کۆتینیۆ وەک شوێنگرەوەی نێیمار پەلکێشی نوکامپ بکەن، بەڵام سەرجەم ئەم گرێبەستانە لەلایەن یانەی ریدزەوە رەتکرانەوە.

لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا کۆتینیۆ یاری بۆ لیڤەرپوڵ ئەنجامداو کەتەلۆنیەکانی بێهیوا کرد، چونکە ناتوانن لەو پاڵەوانێتیەدا یاریی پێبکەن لە بارێکدا ئەگەر بیکەنە یاریزانی یانەکەشیان.



# ئافرەتانی هەولێر بە پارە مەش



تیپی فوتسالّی یانەی ئافرەتانی هەولێر یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە، هەموو ساڵێك کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم تیپە بەشداربووەکانی خولی کوردستان و عێراق دەکات بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، بڕیاریشە لە ٦ی مانگی داهاتوو خولی نایابی فوتساڵی کوردستان بەڕێوە بچێت، بەڵام ئەم تیپە جیاواز لە زۆر تیپی دیکە کۆمەڵێك گرفت و قەیرانی دارایی هەیە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی تیپەکان داوای راهێنەر و یاریزانانی ئەو تیپەکەیان کردووە، بەڵام ئەوان ئێستا جیاواز لە جاران زیاتر خۆشەویستیی تیپەکەیان لەدڵ چەسپاوەو ئامادە نین بۆ هیچ بڕە پارەیەك واز لە یانەکە بهێنن.» لەبارەی گرفتی یاریگاش کە سەرەکیترین کێشەیە لە تیپەکە، مەزن محەمەد راهێنەری یانەی ئافرەتانی هەولێر تایبەت بۆ گولان گوتی: «تیپەکەمان گرفتی دارایی هەیەو ماوەی سێ ساڵ و نیوە نە بەخۆم، نە یاریزانانیش یەك دینارمان وەرنەگرتووە وەکو

ئارام ساڵح پاڵەوانی زۆرانبازی جیهانی و پاڵەوانی کوردستان دوای ئەوەی بەشداری کرد لە پاڵەوانیەتی کیشوەری ئەفریقیا لە وڵاتی ئوردەن کە توانی پشتدێنی کیشوەری ئەفریقیا بەدەست بهێنێت و ناوی خۆی و ئاڵای کوردستانیش بەرز بکاتەوە، بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکیش لە وڵاتی رووسیا بەشداری کێبڕکێیەکی جیهانی بکات لە ئوردەن بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «توانیم لە وڵاتی ئوردەن بە ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستان بەشداری پاڵەوانیەتی ئەفریقیا بکەم کە هەریەك لە وڵاتانی میسر و مەغریب و سووریا و فەلەستین و ئوردەن بەشدار بوون و منیش بە ناوی کوردستان بە ئاڵای کوردستانیش بەشداریم کرد، خۆشبەختانە توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم لەسەر ئاستی پاڵەوانیەتییەکە و ئاڵای کوردستانیش بەرز بکەمەوە. ئێستا من خاوەنی دوو پشتێنم.» لەبارەی مەسرووفاتی خۆیشی گوتی: «تەواوی تێچووی بەشداریکردنم لە پاڵەوانیەتییەکە لەسەر گیرفانی خۆم بووە، ئەم سەرکەوتنەشم پێشکەش بە گشتپرسی کوردستان و دەوڵەتی کوردستان کرد، من هەموو

# ئارام ساڵح پاڵەوانی زۆرانبازی سەرکەوتنەکەم پێشکەش بە دەوڵەتی کوردستان کرد



## ...ــــــــق دەکەن

مووچە، تەنیا لە خۆشەویستیمانە بەردەوامین، جگە لەوەش یاریگامان نییە، هەر چەند جار بچینە مەشقەکانمان، دەچینە سەنتەری بلو بۆ یەك کاتژمێر بڕی ١٥ هەزار دینار دەدەین، ئەوەش گرفتە، بەڵام سەرۆکی یانەکە زۆر جار لە گیرفانی خۆی مەسرووفاتی تیپەکە دابین دەکات.» ئاماژەشی بەوە کرد کەوا نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بە خۆیان گرفتی سەرەکیی تیپەکەیانەو گوتیشی: «تیپێك خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا بێت و ئەنجامی هەبێت، چۆن دەبێت بچێت بە پارە مەشقەکانی خۆی ئەنجام بدات؟ بەڕاستی ئەوە گرفتێکی گەورەیە بۆ ئێمە و یاریزانان، چونکە هەر چەند جار ئێمە مەشقمان هەبێت، دەبێت پارە بدەین بۆ یاریگا بۆ ئەوەی مەشقەکانمان ئەنجام بدەین، بۆیە داواکارین یاریگایەکی فوتساڵمان بۆ دابین بکرێ.»

پاڵەوانیەتییەك بەناوی کوردستان و بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداریم کردووەو، هیواداریشم وڵاتەکەمان ببێتە دەوڵەت بۆ ئەوەی من بتوانم زیاتر خزمەتی کوردستان بکەم و ناوی کوردستان و ئاڵاکەی لە وڵاتانی جیهان بەرز بکەمەوە، ئەوەش تاکە هیوای منە وەکو یاریزانێك بۆ ئەوەی هەرچی لە توانام بێت پێشکەشی خاك و وڵاتی خۆم بکەم کە کوردستانە.»



# هەولێر تیپێکی بەهێز بۆ تیپی باڵەی بنیاد دەنێت

تیپی تۆپی باڵەی یانەی هەولێر یەکێکە لەو تیپانەی کە پاڵەوانی گروپی ناوچەی کوردستان بووە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و خولی نایاب کوردستانیش، هەروەها تیپێکە بە کۆمەڵێك کوڕە کوردی شاری هەولێرەوە لە ماوەی رابردوودا کێبڕکێی باشترین یانەکانی عێراقی کردووە، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی، زۆربەی یاریزانەکان ریزی تیپەکەیان جێهیشت، ئێستاش یانەی هەولێر تیپێکی تازەی بۆ یانەکە دروست کردووە کە دەتوانن بەم پێکهاتە لاوە کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم یانەکان بکەن، جگە لە کردنەوەی چەندین قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بۆ تیپەکان، لەم بارەشەوە سەنگەر سابیر یاریدەدەری راهێنەری تیپی باڵەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا پێکهاتەیەکی تەواو لاومان دروست کردووە بە هۆی ئەوەی کە لە ماوەی رابردوو یانەی هەولێر ناوێکی گەورە بووە لە خولی عێراقی و کوردستان و پاڵەوان بووین، بۆیە بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی یاریزانە بەناوبانگەکانمان ریزی یانەکەیان جێهیشت و گرێبەستیان لەگەڵ یانەی تر کرد، ئێمەش بۆ ئەوەی تیپەکەمان بەردەوام بێت، کۆمەڵێك یاریزانی لاومان هێناوە و رۆژانە مەشقی خۆمان دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە شاری هەولێر درێژە بە کاروانی وەرزشی لە یاریی باڵە بدەین.» لە بارەی توانای دارایی تیپەکەش گوتی: «نزیکەی چل یاریزانمان هێناوە و مەشقی باش دەکەن و ژمارەیەك لەم یاریزانانە هەڵدەبژێرین و متمانەی زۆرمان بەم تیپە لاوە هەیە، دەتوانم بڵێم یەکێك لە باشترین تیپەکانە لەسەر ئاستی کوردستان و دوارۆژێکی باش چاوەڕوانی ئەم یاریزانە لاوانە دەکات، ئێمەش ئێستا بەردەوام لە مەشقداین بۆ ئەوەی ئەم تیپە کە ماوەیەکە دروستمان کردووە، بتوانین کێبڕکێ بەم یاریزانانە بکەین و دەتوانین کاری باش لە سەر ئاستیان بکەین، چونکە دوارۆژی تیپەکەمان لەم یاریزانانە دەبێت و ئاستی ئەوانیش بەرزەو دەتوانن شتی نوێ بۆ تیپەکە ئەنجام بدەن، ئێمەش هەرچی لە توانامان بێت بۆ ئەم تیپە ئەنجامی دەدەین بۆ ئەوەی تیپێکی گەورە بێت بۆ ئایندە.»

